# شیکردنەوەی قەیرانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-٢٠١٩)

**سلوى توفيق محمد** [١] ، **ساسان حكمت على** [٢]، **حميد عبدالله صالح** [٣]
[١،٢] كۆلێژی ئاداب ، بەشی جوگرافیا ، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق
[٣] كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زانستەكۆمەڵایەتیەكان، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: salwa.muhammed@su.edu.krd

## Summary

Analysis of the OPEC oil price crisis during the period between the years 1961 - 2019) since oil was discovered in a commercial to date Competitor acquiring، did not lose the oil and economic importance at the international level، in particular the global level in general، because the oil with close ties to the economy of the consuming and producing countries in addition to the inability of the world to find a source of renewable and non-renewable sources of energy، both to replace oil.

Because of its importance in the world economy، which made the oil market is not restricted or legally binding rules of the market، but affected by a range of political factors contradictory gradual disengagement strategy between the big industrialized countries and consuming countries، underdeveloped and productive، there is no doubt that this Working Group was the Republic of the main influential in oil prices. Thus our view of the WORTHIEST to address this issue through research patterns opec))Oil Prices Mixed during an extended period between the years 1961 - 2019) with a view to know the pace of oil prices during the period mentioned in order to achieve this we must talk about the method of determining the price of oil with the shed light on the prices before the founding of the Organization of (opec)، and during the time period divided into several phases of time study with the analysis of the price of oil during each stage، at the end of the research reached a set of conclusions which may be of use to researchers in determining the fluctuation of oil prices during the specified period of time.


| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێككەوتەكان | ڕێكەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٩/١٢ \| ڕێككەوتی پەسەندكردن:٢٠٢٠/١٠/٦ \| ڕێككەوتی بڵاوكردنەوە:٢٠٢٠/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | salwa.muhammed@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوكردنەوە | © ٢٠٢٠ م. سلوى توفيق محمد، م. ساسان حكمت على، پ.ی.د. حميد عبدالله صالح، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص

(تذبذب اسعار نفط ئوبك خلال فترة ممتدة بين السنوات ١٩٦١ – ٢٠١٩ )

منذ اكتشاف النفط بشكل تجاري وحتى وقتنا الحاظر، لم يفقد النفط اهميته الاقتصادية على المستوى الدولي بشكل خاص والمستوى العالمي بشكل عام، وذلك لاناالنفط له علاقة وطيدة باقتصاد الدول المستهلكة والمنتجة اضافة الى عدم قدرة العالم على ايجاد مصدر من مصادر الطاقة سواء المتجددة والغير المتجددة ليحل محل النفط .

ونظرا لاهميته الكبيرة في الاقتصاد العالمي الذي جعل من سوق النفط غير مقيد او ملزم بقواعد السوق ولكنها متاثرة بمجموعة عوامل سياسية وستراتيجية متناقضة بين الدول الصناعية الكبيرة والمستهلكة والدول المتخلفة والمنتجة ، ولاشك فية ان هذا العامل كان المؤثر الرئيسي في اسعار النفط. وعليه راينا من الاجدر التطرق الى هذا الموضوع من خلال البحث الموسوم ب(تذبذب اسعار نفط ئوثك خلال فترة ممتدة بين السنوات ١٩٦١ – ٢٠١٩ ) بهدف معرفة وتيرة اسعار النفط خلال الفترة المذكورة ولاجل تحقيق ذلك لابد من التحدث عن اسلوب تحديد سعر النفط مع تسليط الضوء على اسعاره قبل تاسيس منظمة ئوبيك ، ومن خلالالفترة الزمنية قسمنا الدراسة الى عدة مراحل زمنية مع تحليل سعر النفط خلال كل مرحلة ، وفي ختام توصل البحث الى مجموعة من الاستنتاجات التي قد تفيد الباحثين في تحديد تذبذب اسعار النفط خلال الفترة الزمنية المحددة .

## پوختەی لێکۆڵینەوە

لە سەردەمی دۆزینەوەی نەوت بە شێوەیەکی بازرگانیانە تاکوو ئەمڕۆشی لە گەڵدابێت نەوت گرنگی ئابوری لە سەر ئاستی جیهانی و هەرێمی دا هەیە و هەروەها پەیوەندەکی بەتینی بە ئابوری دەوڵەتانی بەکاربەر و بەرهەمهێنەر هەیە و تا ئێستاش هیچ سەرچاوەیەکی وزە جا نوێ بووەوە بن یا خود نوێ نەبووەوە نەیانتوانیوە کێبڕکێی بکەن.

ئەو گرنگیە گەورەیەی کەوا نەوت لە ابوری جیهانی دا هەیەتی وایکردوە کە بازاڕی نەوت ئازاد نەبێت و تەنها وابەستەی یاساکانی بازاڕ نەبێت بەڵکو کاریگەرە بە کۆمەڵە فاکتەرێکی سیاسی و ستراتیژی دژ بەیەک لە نێوان دەوڵەتانی پیشەسازی گەورەی بەکاربەری نەوت و هەروەها دەوڵەتانی دواکەوتووی بەرهەمهێنەری کە بێگومان ئەمە کاری کردوەتە سەر نرخی نەوت.

ئەم توێژینەوەمان کە بە ناونیشانی (هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیک لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٦١-٢٠١٩)یە ئامانجستنەرووی نرخی نەوتە لەو ماوەیەدا. لە ڕێگای بەکارهێنانی هەردوو میتودی وەسفی و شیکردنەوە داتا وزانیارییەکان .لە سەرەتا دا باس لە شێوازی دیاریکردنی نرخی نەوت دەکەین لە گەڵ تیشک خستنە سەر نرخی نەوت پێش دامەزراندنی ڕێکخراوی ئۆپیک دواتر ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوەمان دابەش کردوە بۆ چەند قۆناغێک لە گەڵ شیکردنەوەی نرخی نەوت لەو قۆناغانەدا و لە کۆتاییشدا چەندین دەرئەنجاممان خستوەتەڕوو.

ووشەی کلیل:(نەوت،بەبازارکردن،ئەوبیك،)

## پێشەکی :

نەوت گرنگترین سەرچاوەی وزەیە لە جیهاندا و پشکەکەشی نزیکەی (٣٧٪) لە کۆی بەکاربردنی وزەی جیهانی پێك دەهێنێ ئەمە جگە لەوەی کە کەرەستەی خاوی چەندین پیشەسازییە. داهاتی نەوتیش ڕێژەیەکی بەرز لە داهاتی دەوڵەتانی هەناردەکەری نەوت پێك دەهێنێت بە جۆرێك کە ئابوری ئەو دەوڵەتانەی بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی پێ دەبەستێت هەر گۆڕانکاریەکی دیار لە نرخی جیهانی نەوت دا ڕوودات ڕەنگدانەوەی لە سەر ئابوری ئەو دەوڵەتانە و ئابوری جیهانی دەبێت چونکە ئەم سەرچاوەیە بە بزوێنەری سەرەکی ئابوری جیهانی دادەنرێت .

گرنگی لێکۆڵینەوە: پشت بەستن بەو ڕاستیانە دەکرێت بووترێت کە هەر ئەو زانیاریانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا گرنگی بابەتی لێکۆڵینەوەکە دیاری دەکەن کە تایبەتە بە (شیکردنەوەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-٢٠١٩).

کێشەی لێکۆڵینەوە :گرفتی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لە ڕوودانی هەڵکشان و داکشانی گەورە لە نرخی نەوتی ئۆپیك دا کە هەندێك جار ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لە سەر ئەندامانی ئۆپێك و دەوڵەتانی تری هەناردەکەری نەوت لە دەرەوەی ئۆپێك .

**گریمانەی لێکۆڵینەوە** :دەکرێت گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە لەم خاڵانەدا دیاری بکەین :

١- ڕاستە نرخی نەوت وەك هەر کاڵایەکی تر خواست و خستنەڕوو دیاری دەکات بەڵام ئەو هۆکارانەی کە کار دەکەنە سەر خواست و خستنەڕووی نەوت جیاوازە لەو هۆکارانەی کە کار دەکەنە سەر خواست و خستنەڕووی کاڵاکانی تر بە هۆی تایبەتمەندی و گرنگی نەوت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە و کەرەستەیەکی خاوی پیشەسازی گرنگ.

٢- ڕۆڵی ڕێکخراوی ئۆپیك لە دیاریکردنی نرخی نەوت دا گۆڕانکاری دیاری بەسەر دا هاتووە لە کاتی دروستبوونیەوە لە ساڵی ١٩٦٠.

٣-نرخی نەوتی ئۆپیك هەڵکشان و داکشانی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-٢٠١٩).

**ئامانجی لێکۆڵینەوە** :ئەوەی تایبەتە بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەکرێت لە دوو خاڵ دا چڕ بکرێتەوە :

١-دیاریکردنی دیاردەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-٢٠١٩.

٢-دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کە نرخی نەوتی ئۆپیك دیاری دەکەن

میتودی لێکۆڵینەوە : بە مەبەستی پێکانی ئامانجی لێکۆڵینەوە هەوڵدراوە هەردوو میتودی وەسفی و شیکردنەوە داتا وزانیارییەکان بەکاربهێنرێت

**پلانی لێکۆڵینەوە** :بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە و بە هۆی سروشتی بابەتەکەوە بە باشمان زانی لێکۆڵینەوەکە دابەش بکەین بۆ ئەم تەوەرانە :

تەوەری یەکەم : کورتەیەك دەربارەی ڕێکخراوی ئۆپیك و شێوازی دیاریکردنی نرخی نەوت پێش دامەزراندنی ئۆپیك .

تەوەری دووەم : دیاردەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-٢٠١٩.

تەوەری سێیەم : شیکردنەوەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-٢٠١٩ .

هەروەها خستنەڕووی چەندین دەرئەنجام و ڕاسپاردە .

١- کورتەیەك دەربارەی ڕێکخراوی ئۆپیك و شێوازی دیاریکردنی نرخی نەوت پێش دامەزراندنی ئۆپیك :لەم تەوەرەدا بە کورتی باس لە دوو بابەت دەکرێت کە بریتین لە :

١- ١ - ڕێکخراوی ئۆپیك :زاراوەی ئۆپیك OPEC لە پیتی یەکەمی ناوی وشەکانی ڕێکخراوەکەیە بە زمانی ئینگلیزی (Organization Of Petroleum Exporting Countries) ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی (٥) دەوڵەتی بەرهەمهێنەر و هەناردەکەری نەوت (عێراق، کویت، سعوودیە، ئێران، ڤەنزەویلا) لە بەغدا لە ئەیلولی ساڵی (١٩٦٠) دامەزرا . هۆکاری ڕاستەوخۆی دامەزراندنی ئۆپیك دەگەڕێتەوە بۆ کەمکردنەوەی نرخی نەوت لە لایەن کۆمپانیا نەوتیە زەبەلاحەکانەوە لە ساڵەکانی ١٩٥٩-١٩٦٠ دا .

ئامانجی دروستکردنی ڕێکخراوەکە بریتی بووە :

١-بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکەری نەوت .

٢-سنورێك بۆ دەسەڵاتداری کارتلی نەوتی نێودەوڵەتی کە بە پێی ڕێککەوتننامەی ئەکناکاری(Achnacary Agreement) لە ساڵی (١٩٢٧) دامەزرا بوو.

٣-دڵنیای کردنەوەی وڵەتانی بەرهەم هێنەر لەڕووی جێگیری ویەکسانەوە نرخ .

٤- بەردەوامبوون لەهەناردەکردن وپێدانی نەوت بە وڵاتانی بەکاربەر.

٥-پێدانی دڵنیایی بەو وڵەتانەی وەبەرهێنانیان کردووە لە پیشەسازی نەوت.

جگە لە پێنج ئەندامی دامەزرێنەری ئۆپیك لە ساڵەکانی دواتر چەندین دەوڵەتی هەناردەکەری نەوت پەیوەندیان بە ڕێکخراوەکە کرد وەك لە خشتەی (١) و نەخشەی ژمارە(١)دەردەکەوێت، ئەمرۆ دەوڵەتانی ئەندامی ئۆپیك ژمارەیان (١٤) دەوڵەتە .

خشتەی (١)دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێك

| ژ | دەوڵەت | ساڵی بوونە ئەندام | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | عێراق | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٢ | کوەیت | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٣ | سعودیە | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٤ | ئێران | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٥ | فەنزوێلا | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٦ | قەتەر | ١٩٦١ | |
| ٧ | لیبیا | ١٩٦٢ | |
| ٨ | ئەندەنوسیا | ١٩٦٢ | لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەندامێتی خۆی هەڵپەسپارد و لە کانوونی دووەمی ٢٠١٦ پەیوەندی کردەوە بە ئۆپێك |
| ٩ | ئیمارات | ١٩٦٧ | |
| ١٠ | جەزائیر | ١٩٦٩ | |
| ١١ | نەیجریا | ١٩٧١ | |
| ١٢ | ئیکوادۆر | ١٩٧٣ | لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندامێتی خۆی هەڵپەسپارد و لە ساڵی ٢٠٠٧ پەیوەندی کردەوە بە ئۆپێك |
| ١٣ | گابۆن | ١٩٧٣-١٩٧٥ | لە ساڵی ١٩٧٣ بوو بە ئەندامی هاوبەش و لە ساڵی ١٩٧٥ بووە ئەندامی ڕەسەن و لە ساڵی ١٩٩٤ ئەندامێتی خۆی هەڵپەسپارد و لە تەمووزی ٢٠١٦ پەیوەندی بە ئۆپێك کردەوە |
| ١٤ | ئەنگۆلا | ٢٠٠٧ | |



| ژ | دەوڵەت | ساڵی بوونە ئەندام | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | عێراق | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٢ | کوەیت | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٣ | سعودیە | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٤ | ئێران | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٥ | فەنزوێلا | ١٩٦٠ | دەوڵەتی دامەزرێنەر |
| ٦ | قەتەر | ١٩٦١ | |
| ٧ | لیبیا | ١٩٦٢ | |
| ٨ | ئەندەنوسیا | ١٩٦٢ | لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەندامێتی خۆی هەڵپەسپارد و لە کانوونی دووەمی ٢٠١٦ پەیوەندی کردەوە بە ئۆپێك |
| ٩ | ئیمارات | ١٩٦٧ | |
| ١٠ | جەزائیر | ١٩٦٩ | |
| ١١ | نەیجریا | ١٩٧١ | |
| ١٢ | ئیکوادۆر | ١٩٧٣ | لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندامێتی خۆی هەڵپەسپارد و لە ساڵی ٢٠٠٧ پەیوەندی کردەوە بە ئۆپێك |
| ١٣ | گابۆن | ١٩٧٣-١٩٧٥ | لە ساڵی ١٩٧٣ بوو بە ئەندامی هاوبەش و لە ساڵی ١٩٧٥ بووە ئەندامی ڕەسەن و لە ساڵی ١٩٩٤ ئەندامێتی خۆی هەڵپەسپارد و لە تەمووزی ٢٠١٦ پەیوەندی بە ئۆپێك کردەوە |
| ١٤ | ئەنگۆلا | ٢٠٠٧ | |

سەرچاوە:ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە: الخولي،١٩٩٧،ص٨٨.

سەبارەت بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و یەدەگی نەوتی ئۆپیك و جیهان لە ساڵی (٢٠١٥) ئەوا لە خشتەی (٢) دا بۆمان دەردەکەوێت کە :

١-ڕێکخراوی ئۆپیك بە ڕێژەیەکی بەرز بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە جیهان یەك لە دوای یەك بە ڕێژەی (٤٣٪) و (٥٦,٦٪).

نەخشەی (1) وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێک



سەرچاوە:ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە : - سالم عبد الحسن رسن، اقتصاديات النفط، الجامعة المفتوحة، طرابمس ، ١٩٩٩.ص٥٥

٢--ڕێکخراوی ئۆپیك خاوەنی ڕێژەیەکی زۆر بەرزی یەدەگی مسۆگەرە زیاتر لە (٨١٪) ی یەدەگی مسۆگەری جیهان، بۆیە پێش بینی دەکریت کە

لە ئایندە دا ڕۆڵی لە بۆاری بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە جیهاندا بەرزبێتەوە.

خشتەی (٢) بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و یەدەگی نەوتی ئۆپیك و جیهان لە ساڵی ٢٠١٥

| بوارەکان | ئۆپیك | جیهان |
| --- | --- | --- |
| ١ـبەرهەمهێنان | | |
| ملیۆن بەرمیل/ڕۆژانە | ٣٢,٣٢ | ٧٥,٠٨ |
| %ی جیهان | ٤٣ | ١٠٠ |
| ٢ـهەناردەکردن | | |
| ملیۆن بەرمیل/ڕۆژانە | ٢٣,٥٧ | ٤١,٦٥ |
| %ی جیهان | ٥٦,٦ | ١٠٠ |
| ٣ـیەدەگی مسۆگەر | | |
| ملیار /بەرمیل | ١٢١١ | ١٤٩٣ |
| %ی جیهان | ٨١,٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: Statistical Buletin ٢٠١٦، Tables،Austria،Vienna:١،٣،٦،٣،٢١p،p.and٢٨ ٥,٣;p.٥٢.

١-٢- شێوازی دیاریکردنی نرخی نەوت پێش دامەزراندنی ئۆپیك :

دەکرێ شێوازی دیاریکردنی نرخی نەوت پێش دامەزراندنی ڕێکخراوی ئۆپیك لەم خاڵانەدا دیار بکرێت :

أ-ڕێککەوتنی کۆمپانیا نەوتیە گەورەکان لە (ئەکناکاری) کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا تایبەت بوو بە دیاریکردنی نرخی نەوتی خاو و دابەشکردنی بازاڕەکانی نەوت بە شێوەیەك کە لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکان و ئەو دەوڵەتانە بێت کە کۆمپانیاکان سەر بەوان .

ڕێککەوتنی (ئەکناکاری) بووە مایەی سیستەمێك بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت کە پێی دەوترا (دیاریکردنی نرخی نەوت بە پێی سیستەمی یەك خاڵی بنەڕەتی سیستەمی کەنداوی مەکسیك (The Single Basing-Point System Of The Posted Prices)یان سیستەمی کەنداوی مەکسیك) لە گەڵ تێچوونی گواستنەوە، کە دەست بە جێبەجێ کردنی کرا لە ساڵی (١٩٣٦) وە بە دیاریکردنی نرخی بەرمیلێك لە نەوتی ئەمریکی بە (١,٠٩)دۆلار .بە پێی ئەم سیستەمە نرخی نەوتی ئەو دەوڵەتانەی کە دواتر بوون بە ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپیك گرێ درابوو بەو سەردەمەی کە هەناردەکەری نەوت بوونە (بۆ نموونە عێراق و فەنزوێلا).

لە بەر ئەوەی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا گەورەترین بەرهەمهێنەر و هەناردەکەری نەوت بووە تا جەنگی جیهانی دووەم بۆیە شێوازی دیاریکردنی نرخی نەوت لە جیهاندا لەم قۆناغەدا قۆناغی پێش جەنگی جیهانی دووەم بە پلەیەکی بەرز کەوتبووە ژێر کاریگەریەتی ئامانج و سیاسەتەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە، کە دەرئەنجامەکەشی بریتی بوو لە دیاریکردنی نرخی نەوتی خاو لە جیهاندا بە پێی سیستەمی یەك خاڵی بنەڕەتی کە کەنداوی مەکسیك بوو .ڕێککەوتننامەی ئەکناکاری کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا جەختی لە سەر پەیرەوکردنی ئەم سیستەمە کرد و نرخی نەوتی لە هەر شوێنێکی جیهان بە گوێرەی نرخی نەوت لە کەنداوی مەکسیك دیاری کرد بێ گوێ دان بە شوێن و تێچوونی بەرهەمهێنان و تێچوونی گواستنەوەی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نرخی نەوت بۆ نموونە لە بەندەری (مرسیلیا)ی فەرەنسی یەکسانە بە نرخی نەوت لە کەنداوی مەکسیك لە گەڵ نرخی گواستنەوەی لە کەنداوی مەکسیکەوە بۆ مرسیلیا، واتە کڕیاری نەوت لە هەر خاڵێکەوە نەوتی هەناردە

بکردایە دوور یان نزیك بە جۆرێك نرخی نەوتی بۆ دیاری دەکرا وەك ئەوەی نەوتەکە لە کەنداوی مەکسیکەوە هاتبێت .پەیرەوکردنی ئەم سیستەمە بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت لە جیهاندا نەك تەنیا ئامانجەکانی کۆمپانیا نەوتیە گەورەکانی فەراهەم دەکرد بگرە ئامانجەکانی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشی جێبەجێ دەکرد بۆیە جێگەی سەر سوورمان نیە کە دوارۆژی پیشەسازی نەوت لەو سەردەمە دا بریتی بوو لە (ئەوەی لە بەرژەوەندی ئەمریکا دایە لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکاندایە و ئەوەی لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکاندایە لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە).(عفیفی، ١٩٧٧،ص٢٤٠).

سیستەمی یەك خاڵی بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت دارما کاتێك کەشتیگەلی بەریتانی لە جەنگی جیهانی دووەم دا بە ئاگا هات کە نرخی ئەو نەوتەی کە هاوردەی دەکات بێ بنەما بەرزەبۆیە فشاری خستە سەر کۆمپانیا نەوتیەکان و ناچار کران دان بە ناوچەی کەنداوی عەرەبیش دا بنێن وەك خاڵی بنەڕەتی دووەم بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت، وە نرخی نەوت لە بەندەری عەبادانی ئێران دیاریکرا لە هەمان ئاستی نرخی نەوتی کەنداوی مەکسیك . دواتریش حکومەتی ئەمریکا فشاری خستە سەر کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی نرخی نەوت لە بەندەری( رأس تنورە )ی سعودی هەمان نرخی نەوت بێت لە کەنداوی مەکسیك لە ئەنجامدا سیستەمێکی نوێ بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت لە دوای جەنگی جیهانی دووەم پەیرەوکرا کە ناسرابوو بە سیستەمی دوو خاڵی بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت.

ب-دۆزینەوەی نەوت بە بڕێکی زۆر لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆکاری سەرەکی دانانی سیستەمێکی نوێ بوو بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت لە دوای جەنگی جیهانی دووەم کە ناسرابوو بە (سیستەمی دوو خاڵی بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت The Duel Basing-Point System Of The Posted Prices) بە پێی ئەم سیستەمە نوێیە نرخی نەوتی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دواتر بوونە ئەندامی ئۆپیك نزیك بووەلە نرخی نەوت لە خاڵی کەنداوی مەکسیك چونکە کڕیارانی نەوت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان سەرپشك کردبوون کە خاڵی دیاریکردنی نرخی نەوت هەڵبژێرن (کەنداوی مەکسیك )یان(کەنداوی عەرەبی) کامیان نزیکترە لێیانەوە .

کاتێك کۆمپانیا نەوتیە گەورەکان ڕازی بوون بەم سیستەمە نوێیە بۆ دیاریکردنی نرخی نەوت( خاڵی یەکسانکردنEqualization Point) لە نێوان نرخی نەوت لە هەر دوو کەنداو (مەکسیك و عەرەبی) دیاریکرا کە بەندەری ناپۆلی لە باشوری ئیتالیابوو.

ج-هەرچەندە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ڕێککەوتننامەی (سوود بە نیوەبی) لە نێوان کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکان و دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت واژوو کرا و داهاتی دەوڵەتانی هەناردەکەر بە پێی نرخی ڕاگەیەنراو دیاریکرا کە بۆ هەر یەك تەن نەوت (٤) شلینك وەردەگیرا کە یەکسان بوو بە بەهای نیو تەن نەوت بە گوێرەی نرخی ڕاگەیەنراو .(عبدالوهاب، ١٩٧٤،ص ٢٢٥) بەڵام کۆمپانیا گەورەکانی نەوت تاکە لایەن بوون لە دیاریکردنی تێچوونی نەوت و گواستنەوەی و دیاریکردنی نرخەکەی و دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری ڕۆڵێکی دیاریان لەم بوارە دا نەبوو بۆیە دەرئەنجامەکان وەك پێویست لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەر نەبوو .

دەکرێت دەرئەنجامی شێوازەکانی دیاریکردنی نرخی نەوت پێش دامەزراندنی ئۆپیك لەم خاڵانەدا چڕبکرێنەوە :

١- لە بەر ئەوەی نرخی نەوت لە لایەن کۆمپانیا گەورەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی کۆمپانیاکان بوون دیاری دەکرا بۆیە شێوازەکانی دیاریکردنی نرخی نەوت بە شێوەیەك دارێژرابوو کە لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە و کۆمپانیا بیانیەکاندا بوو .

٢- هەمیشە نرخی نەوتی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دواتر بوون بە ئەندامی ئۆپیك کەمتر بووە لە نرخی شایستەی خۆی و نرخی نەوتی خاوی ئەمریکی بۆ نموونە ئامارەکانی تایبەت بە نرخی نەوتی خاوی سووك کە چرییەکەی -٣٤ بە پێوەری ABI لە هەر یەك لە کەنداوی عەرەبی و کەنداوی مەکسیك بەڵام نرخی نەوت لە کەنداوی عەرەبی لە نێوان (٥٢,٢و٧٩,١)ی نرخی نەوت بووە لە کەنداوی مەکسیك(خشتەی ٣).

٣- کۆمپانیا گەورەکان بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیان گۆڕانکاریان لە دیاریکردنی نرخی نەوت دا دەکرد کە دواتر دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵەکانی (١٩٥٩و١٩٦٠) هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ دامەزراندنی ئۆپیك .

خشتەی (٣) نرخی نەوتی خاوی سووك كە چڕییەكەی ٣٤- بە پێوەریABIلە كەنداوی عەرەبی و كەنداوی مەكسیك لە نێوان ساڵەكانی (١٩٤٥-١٩٦٠)

| ساڵ | نرخی نەوت لە كەنداوی عەرەب(دۆلار/بەرمیل) | نرخی نەوت لە كەنداوی مەكسیك(دۆلار/بەرمیل) | % ڕێژەی ٢:١ |
|---|---|---|---|
| | ١ | ٢ | |
| ١٩٤٥ | ١,٠٥ | ١,٣٦ | ٧٧,٢ |
| ١٩٤٦ | ١,٠٥ | ١,٧٠ | ٦١,٨ |
| ١٩٤٧ | ١,٤٠ | ٢,٦٨ | ٥٢,٢ |
| ١٩٤٨ | ٢,١٢ | ٢,٦٨ | ٧٩,١ |
| ١٩٤٩ | ١,٨٨ | ٢,٦٨ | ٧٠,١ |
| ١٩٥٠ | ١,٧٥ | ٢,٧٦ | ٦٣,٤ |
| ١٩٥١ | ١,٧٥ | ٢,٧٦ | ٦٣,٤ |
| ١٩٥٢ | ١,٧٥ | ٢,٧٦ | ٦٣,٤ |
| ١٩٥٣ | ١,٨٦ | ٢,٧٦ | ٦٤,٦ |
| ١٩٥٤ | ١,٩٧ | ٢,٨٨ | ٦٥,٧ |
| ١٩٥٥ | ١,٩٧ | ٣,٠٠ | ٦٥,٧ |
| ١٩٥٦ | ١,٩٧ | ٣,٠٠ | ٦٥,٧ |
| ١٩٥٧ | ٢,١٢ | ٣,٢٥ | ٦٥,٢ |
| ١٩٥٨ | ٢,١٢ | ٣,٢٥ | ٦٥,٢ |
| ١٩٥٩ | ١,٩٤ | ٣,١٤ | ٦١,٨ |
| ١٩٦٠ | ١,٨٠ | ٣,١٤ | ٥٧,٣ |

سەرچاوە:ئامادەكراوە بە پشت بەستن بە :نواف نایف اسماعیل،تحدید اسعار النفط العربی الخام فی السوق العالمیە،دار الرشید للنشر،بیروت،لبنان،١٩٨١،جدول (٥)ص٤٨ و جدول (٦)ص٦٠ .

٢- قەیرانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵەكانی( ١٩٦١-٢٠١٩)

نەوت وەك هەموو كاڵایەكی تر نرخەكەی دەگۆڕێت بە گۆڕینی :

٢- ١- جۆر(كوالێتی) : سەبارەت بە جۆری نەوت (كوالێتی)، باشترین و گرانترین جۆری نەوت نەوتی سووكە كە چڕییەكەی بە پێی پێوەری پەیمانگای پترۆڵی ئەمریكی(American petroleum institute(API)) ٣٤ پلەیە.ئەم جۆرە نەوتە كە بە خاوی نیشانەكراو(Marker Crude) ناودەبرێت، باشترین جۆری نەوتە و بەهای نەوتی خاو كەم دەكات بە بەرزبوونەوەی چڕییەكەی

٢- ٢ - شوێنی جوگرافی هەناردەكردن : شوێنی هەناردەكردن ناسراوە بە فۆب (Free On Board –F.O.B) واتە ئازاد لە سەر كەشتی

گواستنەوە، کاریگەری دیاری لە سەر نرخی نەوت هەیە .لەم بوارەدا دەکرێ بووترێت کە تاکوو شوێنی هەناردەکردنی نەوت نزیك بێت لە بازاڕەکانی نەوت نرخی زیاتر دەبێت، دیارە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش ڕاستە .بۆ نموونە دەڵێن نرخی نەوتی کەرکوك کە لە بەندەرەکانی سەر دەریای ناوەڕاستەوە (بەندەرکانی بانیاس و تەڕابلوس) هەناردە دەکرێت بە هۆی نزیکی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە بڕی (٤٩) سەنتی ئەمریکی زیاتر بووە لە نرخی هەمان جۆرلە نەوتی هەناردە کراو لە بەندەری (فاو) لە سەر کەنداوی عەرەبی (حمادي، ١٩٨٠،ص٥٧).

پشت بەستن بەو ڕاستیانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا دەربارەی کاریگەریەتی جۆر و شوێنی هەناردەکردنی نەوت لە سەر نرخەکەی و بە هۆی بوونی جیاوازی دیار لە جۆر و شوێنی هەناردەکردنی نەوتی ئۆپیك بۆیە کاتێك باس لە دیاردەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك دەکەین پشت بە تێکڕای نرخەکان دەبەستین و جۆر و شوێنی هەناردەکردنی نەوتەکە بەلاوە دەنێین بە هۆی :

أ-ئەم جیاوازیانە لە جۆر و شوێنی هەناردەکردنی نەوتی ئۆپیك دا نەك تەنیا لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکە دا هەیە بەڵکو تەنانەت لە جۆری نەوتی تاکە ئەندامێکی ئۆپیك و شوێنی هەناردەکردنی نەوتەکەی بەدی دەکرێت .

ب-ئەوەی دەکرێتە پێوانە و داهاتی دەوڵەتانی ئۆپیکی پێ دیاری دەکرێت نرخی نەوتی خاوی نیشانەکراوی ڕاگەیەنراوە کە تایبەتە بە نرخی نەوتی سووك کە چرییەکەی٣٤ پلەیە بە پێوەری (A.P.I).

ئامارەکانی خشتەی(٤) ی تایبەت بە تێکڕای نرخی ڕاستەقینەی نەوتی ئۆپیك و ئامارەکانی تێکڕای نرخی خاوی نیشانەکراوی ڕاگەیەنراو ئاماژە دەکەن کە تێکڕای نرخی خاوی نیشانەکراوی ڕاگەیەنراو لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو (١٩٦١-١٩٧٠) جێگیر بووە و یەکسان بووە بە (١,٨٠) دۆلار/بەرمیل ئەویش بە هۆی :

١-تێکڕای نرخی ڕاستەقینەی ئۆپیك لە هەمان ماوەدا هەڵکشان و داکشانی کەمی بەخۆیەوە بینیوە و لە (١,٥٧)دۆلار/بەرمیل لە ساڵی (١٩٦١) داکشاوە بۆ (١,٢١)دۆلار/بەرمیل لە ساڵی (١٩٧٠)واتە بە بڕی (٣٦)سەنت و بە ڕێژەی (٢٣٪) لەو ماوەیەدا کەمی کردووە .

٢-جێ ی خۆیەتی کە بووترێت کە نرخی ڕاستەقینەی نەوت ئەو نرخە بوو کە کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکان نەوتیان پێ دەفرۆشت و داهاتی ئەندامانی ئۆپیکی پێ دیاری دەکرا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کەمتر بوو لە نرخی خاوی نیشانەکراوی ڕاگەیەنراو بە ڕێژەی (٢٠-٢٥٪).

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو(١٩٧١-١٩٨٠)بە پێچەوانەی شەستەکان نرخی نەوتی ئۆپیك هەڵکشانی گەورەی بەخۆیەوە دی، لەو ماوەیەدا نرخی بەرمیلێك نەوت لە (١,٧)دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٧١ دا بەرزبوویەوە بۆ (٣٥,٥٢) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ساڵی (١٩٨٠) کە زیاترە لە (٢٠)جار هێندەی نرخی بەرمیلێك لە نەوت لە ساڵی ١٩٧١ .بە گشتی نرخی نەوتی ئۆپیك لە حەفتاکاندا ساڵ لە دوای ساڵ جگە لە ساڵی ١٩٧٥ زیادی کردوە و تێکڕای نرخی نەوت لەو ماوەیەدا (١٢,٨٤٥)دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێك کە (٩) جار زیاتر بووە لە تێکڕای نرخی نەوت لە شەستەکاندا .

٣-لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو (١٩٨١-١٩٩٠) داکشان و هەڵکشانی دیار لە نرخی نەوتی ئۆپیك دا ڕوویداوە کە دەکرێت لە ڕێگای ئەم خاڵانەوە دیاری بکرێت :

أ-لە نیوەی یەکەمی هەشتایەکاندا (١٩٨١-١٩٨٥) نرخی نەوتی ئۆپیك بە بەردەوامی ڕووی لە داکشان کردوە، لەو ماوەیەدا نرخی نەوتی ئۆپیك لە (٣٤)دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ساڵی ١٩٨١ دا داکشاوە بۆ (٢٧,٠١) دۆلار لە ساڵی (١٩٨٥) واتە بە نزیکەی (٧) دۆلار و بە ڕێژەی (٢٠,٥٦٪)کەمی کردوە و نرخی نەوت لە نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا(٣٠,٠٥)دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێك .

خشتەی (٤) دیاردەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-٢٠١٩)

| ساڵ | نرخی نەوت(دۆلار/بەرمیل) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٦١ | ١,٣٢ | ١٩٧٩ | ٢٩,١٩ | ١٩٩٧ | ١٨,٨٦ |
| ١٩٦٢ | ١,٣٣ | ١٩٨٠ | ٣٥,٥٢ | ١٩٩٨ | ١٢,٢٨ |
| ١٩٦٣ | ١,٣٦ | ١٩٨١ | ٣٤,٠٠ | ١٩٩٩ | ١٧,٤٤ |
| ١٩٦٤ | ١,٤٢ | ١٩٨٢ | ٣٢,٣٨ | ٢٠٠٠ | ٢٧,٦ |
| ١٩٦٥ | ١,٤٥ | ١٩٨٣ | ٢٩,٠٤ | ٢٠٠١ | ٢٣,١٢ |
| ١٩٦٦ | ١,٥٠ | ١٩٨٤ | ٢٨,٠٢ | ٢٠٠٢ | ٢٤,٣٦ |
| ١٩٦٧ | ١,٥٢ | ١٩٨٥ | ٢٧,٠١ | ٢٠٠٣ | ٢٨,٠١ |
| ١٩٦٨ | ١,٥٧ | ١٩٨٦ | ١٣,٥٣ | ٢٠٠٤ | ٣٦,٠٥ |
| ١٩٦٩ | ١,٦٣ | ١٩٨٧ | ١٧,٧٣ | ٢٠٠٥ | ٥٠,٥٩ |
| ١٩٧٠ | ١,٢١ | ١٩٨٨ | ١٤,٢٤ | ٢٠٠٦ | ٦١,٠٠ |
| ١٩٧١ | ١,٧٠ | ١٩٨٩ | ١٧,٣١ | ٢٠٠٧ | ٦٩,٠٤ |
| ١٩٧٢ | ١,٨٢ | ١٩٩٠ | ٢٢,٢٦ | ٢٠٠٨ | ٩٤,١٠ |
| ١٩٧٣ | ٢,٠٧ | ١٩٩١ | ١٨,٦٢ | ٢٠٠٩ | ٦٠,٨٦ |
| ١٩٧٤ | ١١,٠٠ | ١٩٩٢ | ١٨,٤٤ | ٢٠١٠ | ٧٧,٣٨ |
| ١٩٧٥ | ١٠,٤٣ | ١٩٩٣ | ١٦,٣٣ | ٢٠١١ | ١٠٧,٤٦ |
| ١٩٧٦ | ١١,٦٠ | ١٩٩٤ | ١٥,٥٣ | ٢٠١٢ | ١٠٩,٨٧ |
| ١٩٧٧ | ١٢,٥٠ | ١٩٩٥ | ١٦,٨٦ | ٢٠١٣ | ١٠٥,٨٧ |
| ١٩٧٨ | ١٢,٧٩ | ١٩٩٦ | ٢٠,٢٩ | ٢٠١٤ | ٩٦,٢٩ |
| | | | | ٢٠١٥ | ٤٩,٤٩ |
| | | | | ٢٠١٦ | ٣٧،٥٥ |
| | | | | ٢٠١٧ | ٦٥ |
| | | | | ٢٠١٨ | ٨٦ |
| | | | | ٢٠١٩ | ٤٦،٥٩ |

سەرچاوە :. in us .ddlars.per barrel ٢٠١٥ to ١٩٦٠ The Statistics Portal ;Averageannual OPEC Crude Oil From

ب-لە نیوەی دووەمی هەشتاکان (١٩٨٦-١٩٩٠) نرخی نەوتی ئۆپیك داکشان و هەڵکشانی بەخۆیەوە دیوە، دوای ئەوەی لە سەرەتای ئەم نیوەیەدا داکشانی گەورە روویداوە و لە (٢٧,٠١) دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٨٦ دابەزی بۆ (١٣,٥٣) دۆلار واتە بە بڕی (١٣,٤٦) دۆلار و بە ڕێژەی (٥٠٪) کەمی کردوە و لە ساڵی ١٩٨٧ جارێکی تر بەرزبوویەوە بۆ (١٧,٧٣) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ دا داکشا بۆ (١٤,٢٤) دۆلار و لە دوو ساڵی کۆتایی ئەم نیوەیە دیسان ڕووی لە هەڵکشان کرد تا گەیشتە (٢٢,٢٦) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك .

ئەو زانیاریانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا دەریدەخەن کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نرخی نەوتی ئۆپیك چەندین جار تووشی دیاردەی داکشان و هەڵکشان بووە و بە گشتی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نیوەی دووەمی هەشتاکان (١٧,٠١) دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێك کە کەمترە لە نرخی لە نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا بە زیاتر لە (١٧) دۆلار.

ج- تێکرای نرخی نەوتی ئۆپیك لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو (٢٣,٥٥) دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێك کە زیاترە لە تێکرای نرخی لە شەستەکان

و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە بڕی (٢٢,١) و (١٠,٧) دۆلار یەك لە دوای یەك .

٤-هاوشێوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە دە ساڵی کۆتایی سەدەکە (١٩٩١-٢٠٠٠) داکشان و هەڵکشانی دیار لە نرخی نەوتی ئۆپیك دا ڕوویداوە کە دەکرێت لەم خاڵانە دا چڕبکرێتەوە :

أ-لە چوار ساڵی یەکەمی ئەم دە ساڵە دا بە بەردەوامی نرخی نەوتی ئۆپیك تووشی دیاردەی داکشان بووە، نرخی نەوت لەم چوار ساڵە دا لە (١٨,٦٢) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ساڵی ١٩٩١ کە کەمترە بە بڕی (٣,٦٤) دۆلار لە نرخی ساڵی (١٩٩٠) و کەمی کردوە بۆ (١٥,٥٣) دۆلار لە ساڵی ١٩٩٤ واتە بە زیاتر لە (٣) دۆلار لە ماوەی ئەم چوار ساڵە دا کەمی کردوە .

ب- لە ساڵانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ نرخی نەوتی ئۆپیك یەك لە دوای یەك هەڵکشاوە بۆ (١٦,٨٦) و (٢٠,٢٩) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك .

ج- لە ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ نرخی نەوتی ئۆپیك داکشاوە یەك لە دوای یەك بۆ (١٨,٨٦) و (١٢,٢٨) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك .

د- لە دوو ساڵی کۆتایی ئەم دە ساڵە دا (١٩٩٩و٢٠٠٠) نرخی نەوت هەڵکشا یەك لە دوای یەك بۆ (١٧,٤٤) و (٢٧,٦) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك .

هـ- تێکڕای نرخی نەوتی ئۆپیك لە دە ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمدا (١٨,٢٢) دۆلار بووە کە کەمترە لە تێکڕای نرخی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە بڕی (٥,٣٣) دۆلار و زیاتر لە تێکڕای نرخی لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە بڕی (١٦,٨٣) و(٥,٣٦) دۆلار یەك لە دوای یەك .

٥-ئەوەی تایبەتە بە هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە دە ساڵی یەکەمی سەدەی (٢١) ئامارەکان ئاماژە دەکەن بە:

أ- لە هەشت ساڵی یەکەمی سەدەی (٢١) لە (٢٠٠١-٢٠٠٨) نرخی نەوتی ئۆپیك هەڵکشانی گەورەی تۆمار کرد دوای ئەوەی لە سەرەتای سەدەی (٢١) نرخی بەرمیلێك نەوت تەنیا (٢٣,١٢) دۆلار بوو کە کەمتر بوو لە نرخی ساڵی ٢٠٠٠ بە بڕی (٤,٤٦) دۆلار، لە ساڵی ٢٠٠٨ دا گەیشتە (٩٤,١)دۆلار کە ژمارەیەکی پێوانەیی بوو تا ئەوکاتە تۆمار نەکرا بوو .

ب- لە دوو ساڵی کۆتایی دەساڵی یەکەمی سەدەی (٢١) ساڵەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ نرخی نەوت داکشاوە یەك لە دوای یەك بۆ (٦٠,٨٦) و (٧٧,٣٨) دۆلار .

ج- تێکڕای نرخی نەوت لەم دە ساڵە دا (٥٢,٤٥) دۆلار بووە کە بەرزترین تێکڕای نرخی نەوتی تۆمارکراوە بە بەراورد بە دە ساڵەکانی پێشوو .

٦- لە نیوەی یەکەمی دە ساڵی دووەمی سەدەی (٢١) لە (٢٠١١-٢٠١٥) نرخی نەوتی ئۆپیك هەڵکشان و داکشانی زۆر گەورەی تێدا ڕوویداوە، ئامارەکانی ئەو ساڵانە ئاماژە دەکەن :

أ-نرخی نەوتی ئۆپیك لە دوو ساڵی یەکەمی ئەم ماوەیە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەرزبووە لە ساڵەکانی (٢٠١١و٢٠١٢) یەك لە دوای یەك گەیشتوەتە(١٠٧,٤٦ و ١٠٩,٨٧) دۆلار، ئەو ژمارانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا دەربارەی نرخی نەوت لەو دوو ساڵە دا بەرزترین نرخی نەوتە کە تا ئەمڕۆ تۆمار کرابێت .

ب- لە ساڵی ٢٠١٣ دا نرخی نەوتی ئۆپیك داکشانێکی کەمی بەخۆوە دی و دابەزی بۆ (١٠٥,٨٧) دۆلار کە (٤) دۆلار کەمترە لە نرخی ساڵی ٢٠١٢ .

ج- لە دوو ساڵی کۆتایی ئەم ماوەیە (٢٠١٤و٢٠١٥) نرخی نەوتی ئۆپیك بە شێوەیەکی گەورە داکشا یەك لە دوای یەك بۆ (٩٦,٢٩ و ٤٩,٤٩) دۆلار .

د- تێکڕای نرخی نەوتی ئۆپیك لە پێنج ساڵی ئاماژە بۆکراودا (٩٣,٨) دۆلار بووە کە بەرزترین تێکڕای نرخی نەوتە تۆمار کرابێت .

ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی گۆڕانکاری نرخی نەوت :

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی گۆڕانکاری نرخی نەوتی خاوی ئۆپیك بریتین لە :

١- هاوسەنگی نێوان خستنەڕوو و خواست لە سەر نەوت : بە یەکێ لە هۆکارە بەهێزەکان دادەنرێت لەبازاڕی نەوتی جیهانی کەوا کۆمەڵێ فاکتەری تر لەخۆ دەگرێت وکاریگەری بەهێز بە جێدەهێڵێت لەسەر نرخی نەوت بێگومان کاتێك خستنەڕووی نەوت لە بازاڕ دا کەم دەبێت و خواست زیاد دەبێت نرخی نەوت ڕوو لە هەڵکشان دەکات گومانی تێدا نیە پێچەوانی ئەمەش ڕاستە . ئەمەش لە بەر کۆمەڵە هۆیەك کەوا

هەندێکیان دور مەودان ئەوانی تر کاتیین،گرنگترین ئەو هۆکارانە(رووداني شەڕ و نائارمی سیاسی ناوخۆی ونێو دەوڵەتی لەنزیك کانەکانی دەرهێنانی نەوت،فاکتەرە جیوسیاسیەکان وئابۆریەکان وئەمنیەکان وجیولوجیەکان وئاووهەواییەکان هەموییان بەیەکەوە کاریگەریان هەیە لەسەر هاوکێشەی خستنەڕو وخواست،بەجۆری بوونی ئەو فاکتەرانە یاخۆد یەکی لەوانە کاردەکاتە سەرکەمبوونی بڕی خستنەڕوو زیادبوونی داواکاری پاشانش زیادبوونی نرخی نەوت وبەپێی زانیارییەکانی دەستە و ریکخراوە جیهانەیەکان لەسالانی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ کۆی گشتی بڕی نەوتی خستنەڕوو نزیکەی (٨٥،٥ مليون برميل )بووە لە رۆژیکدا، ئەمەلەکاتیدا بڕی داواکاری جیهانی نزیکەی (٨٨ مليون برميل )(حسن،٢٠٠٧،ص١٢٧) لەروژیکدا ئەمەش ئەوە دەگەینی خواست زیاتر بووە لە خستنەروو بۆیە نرخ بە رێژەیکی باش بەرزبووتەوە.ئەوەی پێوەندی بەلایەنی خواست هەیە بەهەمان شێوە کۆمەڵێ فاکتەر کاریگەریان هەبووە لەسەر زیابوونی خۆاست وەك گەشەی ئابۆری جیهانی وزیابوونی دانیشتوان وبەرزبوونەوەی ئاستی بژیویان،لەکۆتاییدا ئەمانە رولیان دەبێت لەسەر زیادبوونی بەکارهێنانی وزە لەناویانشدا نەوت،بەجۆری سالآنە بەرێژەی ١،٧٦٪ زیاد دەکات، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ زیادبوونی خۆاست جیهان دەکەن لە سەر نەوت بەجۆری٧٧،٢مليون برميل رۆژانە لەساڵی ٢٠٠٠بەرزبووتەوە ٩٤،٢مليون برميل لەرۆژیکدا لەساڵی ٢٠١٠پاشان بۆ نزیکەی ٩٦،٨مليون برميل لەرۆژیکدا لەساڵی ٢٠١٥،بێ گومان ئەمەی دوایان دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٤..(تقرير اوبيك،٢٠١٢،ص٤٧٦)

٢- - دابەزینی سەنگی ئۆپیك لە بواری بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت .

بێ سوود نیە لێرەدا ئاماژە بەو ڕاستیە بکرێت کە ڕێژەی بەشداریکردنی ئۆپیك لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە جیهان دا لە ساڵی ١٩٧٣ یەك لە دوای یەك (٥٥،٥٪ و ٩١٪) بووە کە لە ساڵی (٢٠١٥) دا ئەم ڕێژانە دابەزیون یەك لە دوای یەك بۆ (٤٣٪ و ٥٦،٦٪). (محمود،١٩٧٩،ص٥٩٧)، ئەمەش لاوازبوونی سەنگی ئۆپیك لە بواری بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە جیهاندا دەسەلمێنێت و بێگومان کاریگەری نەرێنی هەبووە لە سەر توانای ئۆپیك بۆ دیاریکردنی نرخی نەوتی .

٣- یەك ڕیزی و یەك هەڵویستی دەوڵەتە سەرەکیەکانی بەکاربەری نەوت . ئەم یەك ڕیزیە پێش دامەزراندنی ڕێکخراوی ئۆپیك لە نێوان کۆمپانیا نەوتیەکاندا کارتەڵی نەوتی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ١٩٢٧ بە پێی ڕێککەوتننامەی (ئاکناکاری) پێکهێنرابوو، بەدی دەکرا . دواتر دوای دروستبوونی ئۆپیك و باڵا دەستی لە دیاریکردنی نرخی نەوتدا لە نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دا دەوڵەتە پیشەسازییە سەرمایەدارییە بەکاربەرانی نەوت لە جیهاندا (ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیI.E.A) International Energy Agency) . یان لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٧٤ دامەزراند و ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ دا گەیشتە (٢٠) دەوڵەت و دەوڵەتەکانیش بریتی بوون لە (ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ئەلمانیای ڕۆژئاوا، هۆڵەندا، بەلجیکا، فنلەندا، ئیتالیا، ژاپۆن، نەمسا، دانیمارك، سوید، نەرویج، ئیسپانیا، لۆگسمبۆرگ، یۆنان، کەنەدا، سویسرا، ئوستراليا، نیوزلەندا، تورکیا ).(اسماعيل،١٩٨١،ص١٨٧-١٨٩) ئامانجی دروستکردنی ئەم ڕێکخراوە بریتی بووە لە :

ا -یەکخستنی دەوڵەتە پیشەسازییە سەرمایەدارەکان بەرامبەر بە ڕێکخراوی ئۆپیك و لاوازکردنی لە بواری دیاریکردنی نرخی نەوت .

ب- کەمکردنەوەی بەکارهێنانی نەوت لە لایەن دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە بە مەبەستی کەمکردنەوەی خواست لە سەر نەوتی ئۆپیك و دابەزینی نرخی .

ت- ڕێکەوتن لە سەر پلانێکی تایبەت بە دابەشکردنی نەوت لە کاتی ڕووداوی لەناکاو .

ث- جێ بە جێ کردنی پرۆگرامێکی تایبەت بە کۆگاکردنی بڕێکی زۆر لە نەوت کە بەشی پێداویستی ساڵێکی ئەندامانی ڕێکخراوەکە بکات لە کاتی نەبوونی توانای هاوردەکردنی نەوت لە بەر هەر هۆکارێك بێت .

ج- هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئەلتەرناتیف بۆ نەوتی ئۆپیك .

٤- دابەزینی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دراوە نێودەوڵەتیەکان : ئەمەش یەکیکە لە وهۆکارانەی دادەنرێت کاردەکاتە سەر نرخی نەوت بەهۆی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی نێوان دۆلار ونرخی نەوت هەیانە چونکە هەموو مامەڵە بازرگانیەکانی نەوت بەو دراوە دەکرێت،بەجۆری هەر گۆڕانکاریك لە بەهای دۆلار ڕوویدات دەرئەنجامی دەبێت لەسەر نرخی نەوات بە پوزەتیف ونەگەتیف وپاشانش لەسەر ئابۆری

وڵاتانی بەرهەم هێنەر،بەجۆری کاتی بەهای دۆلار دادەبەزێت نرخی نەوت بەدۆلار هەڵدەکشێت.(عبدالاسدی،٢٠٠٩،ص١٧-٢١) دابەزین وبەرزبوونەوە نرخی نەوت کاریگەری خراپ بەجێدەهێڵت لەسەر ئابۆری وڵاتانی بەرهەم هێنەر چونکە ئابوریان بەرێژەیکی بەرز رۆڵ دەبینی لەزیادبوون وکەمبوونەوەی خەرجی حکومی لەهەموو بوارەکان.

٥- دابەزینی بڕی یەدەگی نەوتیی: نەوت ویەدەگی نەوتی لەئەنجامی هۆکارە جیولوجیەکان دورست بووە بەدرێژایی چەندها هەزارساڵ لە نێون قۆژبنەکانی زەوی،وەهەروەها تواناى نوێوبوونەوەی زیادبوونی نیە بەڵکو لەگەڵ بەکارهێنانی بەشێوەیکی نا هۆشمەندانە وهونەری وەك هەر کاڵایکی تر تەواو دەبێت وەك ئەوەی لەدۆخی وڵاتی بەحرین وئیمارات کەلە رابردوودا دوو وڵاتی بەرهەم هێنەری نەوت بوون، بۆنموونە بەریتانیا یەکی لەوڵاتانەیە کەوا دەستی کردوە بە ژماردنی کۆتا بەرمیلی نەوت لە و کێڵگانەی دەکەونە دەریای باکور بەپێ زانیاریەکانی بڕی بەرهەمهێنانی لەساڵی ١٩٩٩ نزیکەی ٣،١ملیون برمیل بووە لە رۆژیکدا کەجی دابزیوە بۆ کەمتر ١،٧ملیون برمیل لەرۆژیکدا لە ساڵی ٢٠٠٧. .(عبدالاسدی،٢٠٠٩،ص٢٢)

٦- زیادبوونی چالاکی (زیادکردنی نرخ لەسەر یەك)(المضاربە)لەبازاری سودا کاری نەوت: بە مەبەستی بەدەست هینانی قازانجی زیاتر لەریگای ئەو پیشبینانەی بۆ نرخی نەوت دەکرێت کۆمەڵێ وەبەرهێنانی تازە هاتنە ناو بازاڕی نەوت وەك دامەزراوەکانی وەبەرهێنان وەك دەستەی خانەنیشنان وکومپانیاکانی دڵنیایی وەك پارێزگاریك لەبەرامبەر هەر مەترسیێ وەك هەڵەوەسان وسستبوونی نرخی دۆلار(السوب،٢٠١١،ص٤٩)،هەرلەم روانگەوە لەم چەند ساڵانی دوایدا گریبستەکانی نەوت لەبازارەکاندا بەرزبوونەوەیکی بە خۆیەوە بینی ساڵ لە دوای ساڵ بەجۆری کەوتە سەرەوەی پیشبینیەکان بڕی بەرهەم هێنانی راستەقینە وبەکارهینانی جیهانی لە نەوت ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی رێژەی داواکاری وعەمبارکردنی نەوت ئەمەش لە کۆتاییدا پاڵەپستوی لەسەرنرخی نەوت بە جێ هێیشیت .

٧- قیرانی ئابوری جیهانی: روودانی قیرانەکان لەسەر ئاستی جیهان کاریگەری بەهێزی هەبوو لە سەر نرخی نەوت وەك قیرانی دارِیی ئەم دواییەی جیهان کەبوو هۆی پەکخستنی بەشیك زور لە چالاکییە ئابۆرییە جیهانیەکان بەتایبەت بازاری خانووبەرە لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وهەروەها کزکردنی بازارەکانی دراو ودامەزراوە بانکیەکان بەتایبەت لە ساڵانی ٢٠١٤و٢٠١٥.ئەمە سەرەڕای قیرانی دارِیی ئاسیا ساڵی ١٩٩٩بێ گومان هەموو ئەمانە کاریگەریان بەجێ هێشت لەسەر هێزی وەبەرهێنان بە جێ هێشت وای کرد داواکاری وخۆاست لەسەر نەوت کەم بێتەوە نرخیش دابەزێت(اوبیك،٢٠٠٨،ص١٣)

٨- جەنگ ونائارامی لە ناوچە دەوڵەمەند ەکان بەنەوت:وەك ئەونائارامییانەیلەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەدیی کرا لە ساڵانی رابردوو کە نزیکەی ٨٠٪کۆی بڕی نەوتی جیهان لە خۆ دەگرێت لەم برە نزیکەی ٦٢،٥٪لە پینج وڵاتی چڕدەبێتەوە ئەوانش(عێراق وئیران وسعودیا وئەمارات وکویت).

٩- هۆکارە سروشتیەکان: بەتایبەت ئەو هۆکارنەی شوێن پەنجەی خۆیان بە جێی دەهێڵین لەسەر نرخی نەوت وەك ئەو زریانیانەی لەناوچەکانی دەرهینان وگۆاستنەوەی نەوت روودەدن رنگدانەوەی دەبێت لەرسەر نرخی نەوت وەك ئەوەی لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٨لەئەنجامی هەڵکردنی زریانی ایفان لە کەندوای مکسیك رویدا وهەروەها زریانی کاترینا کەلەساڵی ٢٠٠٥ خویدا بەسەر ناوچەکانی پاڵاوتنی نەوت دا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمانەش بوونە هۆی کەمبوونی بڕی بەرهەمی نەوت وزیادبوونی نرخی نەوت.(محمود،٢٠٠٧،ص٧١)

١٠- ناسەقامگیری جیوسیاسی:رواداوە سیاسیەکان لەچەند شێوەیەك خۆیان دەبینینەوە وەك:

ا- قیرانی ئەتوومی ئیران لە گەڵ وڵاتانی گروپ پێنج لەگەڵ یەك.

ب-جەنگی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لەساڵی ٢٠٠٣.

ج-داگیرکردنی ناوچەیکی فرەوانی عێراق لەلایەن ریکخراوی تیرورستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش.

د-روداوە سیاسیەکان وڵاتی فەنزویلا کاری کردتە سەر راوستانی بەرهەمهێنانی نەوت.

هـ- نائارامییە خیڵایەتیەکانی وڵاتی نیجیریا وەك یەکی لەئەندامی ریکخراوی اوبیك .(النتر،٢٠٠٧،ص٢٣)

ئەمانە بەسەر یەکەوە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی بڕی نەوتی بەرهەم هاتوولە ناووڵاتانی ریخراوی اوبیك بەرێژەی سێ

ملیون بەرمیل لەرۆژێکدا،ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسر دابەزینی بری نەوتی خستەڕوو لەبارزاری جیهان نەوت،چونکە ئیران و عێراق بەدوو بەرهەمهێنەری سەرەکی رۆژهەڵاتی ناوەراست دادەنرێت.

١١- سەرچاوە ئەلتەرناتیفەکانی نەوت، (گازی سروشتی، خەڵووز، وزەی خۆر، وزەی با، وزەی ناوەکی ...تاد) کاریگەریکی ئەوتویان نابێت لەمەودایکی کورتدا،چونکە نەوت نزیکەی سێی بەشی پێداویستی جیهان پردەکاتەوە لەرووی وزەوە،ئەمە لەکاتیکدا بەشی هەر زوری ئامراز وئامیرەکان لەرووی دایزانەوە بۆ بەکارهێنانی نەوت وگازی سروشتی دورست کراوان.

٤- ناکۆکی نێوان ئەندامانی ئۆپیك لە لایەك و نەبوونی هاریکاری نێوان ئۆپیك و دەوڵەتانی هەناردەکەری نەوت لە دەرەوەی ئۆپیك کە دەبێتە مایەی زیادبوونی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا و دابەزینی نرخی .

٣-شیکردنەوەی دیاردەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-٢٠١٩

ئەو ئامار و زانیاریانەی کە لە تەوەری دووەم دا ئاماژەیان بۆ کرا دەریدەخەن کە هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت دیاردەیەکی باو بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-٢٠١٥ .هۆکارەکانی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت تەنیا هۆکاری ئابوری نین، بەڵکو بە هۆی تایبەتمەندی نەوتە وەك کاڵایەکی ستراتیجی (لە بواری وزە و کەرەستەی خاو دا) وەك سەرچاوەیەکی سروشتی کە نویێ نابێتەوە .


لێرەدا بە باش دەزانرێت پێش شیکردنەوەی دیاردەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت بە پێی ئەو قۆناغانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا لە تەوەری دووەم دا، بە کورتی ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکەین کە دەبنە مایەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی خاوی ئۆپیك، هۆکارەکانیش بریتین لە :

ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا بەرپرسن لە هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا و بەرپرسن لە هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦١-٢٠١٥ . وەك لە باسکردنی هۆکارەکان دەردەکەوێت کە ناتوانرێت هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت بە تاکە هۆکارێك دیاری بکرێت ئەمە جگە لەوەی کە کاریگەریەتی هۆکارەکان لە سەر هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆرێت وەك لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت :

قۆناغی یەکەم/ ئەم قۆناعە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧١)کە زیاتربە جێگیربوونی نرخی نەوتی خاوی نیشانەکراوی راگەیەنراو و اتا ڕوودانی هەڵکشان و داکشانی کەم لە نرخی ڕاستەقینەی نەوتی ئۆپیك لەو ماوەیەدا ڕوویداوە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ڕۆڵی رێکخراوی ئۆپیك کە توانی نرخی نەوتی ڕاگەیەنراو جێگیر بکات لە ئاستی نرخی نەوت لە ئابی ١٩٦٠ دا و بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠) ساڵ .

رێکخراوی ئۆپیك لە شەستەکاندا ساڵ لە دوای ساڵ سەنگی لە بواری بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی جیهان بەرزدەبووەوە لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی و ڕوودانی گۆڕانکاری لە سیاسەتی نەوتی ئۆپیك دا . بێ گومان ئۆپیك لە توانایدا بوو نرخی نەوت لە شەستەکاندا زیاد بکات بەڵام زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە لایەن ئەندامانی ئۆپیك لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی بەردەوام (بەرهەمهێنانی نەوت لە لایەن ئەندامانی ئۆپیك لە (٨,٧)ملیۆن بەرمیل/ڕۆژانە لە ساڵی ١٩٦٠ دا زیادی کرد بۆ (٢٣,٧) ملیۆن بەرمیل/ڕۆژانە لە ساڵی ١٩٧٠ ).(العقیل، بدون سنە الطبع، ص ٢٢ )دا رێگر بوو لە زیادکردنی نرخی نەوتی ئۆپیك لەو ماوەیەدا .(شێوەی ١)

شێوەی (١)هەڵكشان و داكشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧١




سەرچاوە : ئامادەكراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٤)

قۆناغی دووەم: هەڵكشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو١٩٧٢-١٩٨٠ دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵە هۆكارێك كە بریتین لە :

أ-بەهێزبوونی سەنگی ئۆپیك لە بواری گفتوگۆكردن لە گەڵ كۆمپانیا نەوتیەكان لە ئەنجامی باڵا دەستی ئۆپیك لە بواری هەناردەكردنی نەوت لە جیهاندا (زیاتر لە ٩٠٪ ی نەوتی هەناردەكراو لە جیهاندا لە نیوەی یەكەمی حەفتاكاندا) و لە ئەنجامی گۆڕینی سیاسەتی نەوتی هەندێك لە دەوڵەتانی ئۆپیك بە هۆی گۆڕینی ڕژێمە سیاسیەكانیان .

ب- بەرزبوونەوەی هۆشیاری نەوتی لای ئەندامانی ئۆپیك و هەستكردنیان بەو ستەمەی كە لێانكراوە لە بواری دیاری كردنی نرخی نەوت دا كە نرخێكی دادپەروەرانە نەبوو وە پێویستە بەرزبكرێتەوە بە تایبەتی لە بەر ئەوەی كە نەوت سەرچاوەیەكی لە بن هاتووە و نوێ نابێتەوە .

ج- بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی كاڵا پیشەسازییەكان و بنەڕەتیەكان لە ئەنجامی دیاردەی هەڵاوسان لە جیهاندا و دابەزینی بەهای دۆلار بەرامبەر دراوەكانی تر كە بووە مایەی دابەزینی بەهای ڕاستەقینەی داهاتە نەوتیەكانی دەوڵەتانی ئەندام . بۆ نموونە كاتێك نرخی فەرمی نەوتی ئۆپیك لە ساڵی ١٩٧٧ دا (١٢,٥) دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێك بەهای ڕاستەقینەی دابەزیوە بۆ نێوان (٦-٧) دۆلار .(اسماعیل،١٩٨١،ص١٠٥)

د- بەكارهێنانی نەوت وەك چەكێكی سیاسی لە لایەن دەوڵەتە عەرەبیەكانەوە لە ساڵی ١٩٧٣ دا كاتێك بڕیاری كەمكردنەوەی دەست بە جێی بەرهەمهێنانی نەوتیان لە ١٧ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٧٣ لە كوەیت بە ڕێژەی (٥٪) دا (سعوودیە بە ڕێژەی ١٠٪ی كەمكردەوە) و دواتر لەو كۆنگرەیەی كە لە ٤-٥ی تشرینی دووەم لە كوەیت بەسترا ڕێژەی كەمكردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتیان بۆ (٢٥٪) بەرزكردەوە و جەختیان لە سەر بڕیاری پێشویان كردەوە كە تایبەت بوو بە ڕاگرتنی هەناردەكردنی نەوت بۆ هەریەك لە ویلایەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا و هۆڵەندا ئەم بڕیارانە بوونە مایەی :

١-فراوانبوونی گاپ لە نێوان دەرخستە و خواستی جیهانی نەوت .

٢-كەمبوونەوەی نەوتی كۆگاكراو لە دەوڵەتە پیشەسازیە سەرمایەدارەكان .


هـ- ڕاگرتنی تەواوی هەناردەكردنی نەوتی ئێران لە ٢٦ی كانوونی یەكەمی ١٩٧٨ دا كە نزیكەی (٥) ملیۆن بەرمیل بوو ڕۆژانە و لە دەستدانی ڕژێمێكی دۆستی ڕۆژئاوا (ڕژێمی شای ئێران) بووە مایەی كەمبوونەوەی نەوتی كۆگاكراو لە دەوڵەتانی ئەندام لە ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی و كەمبوونەوەی نەوت لە بازاڕەكانی جیهاندا بە بڕی (٢) ملیۆن بەرمیل/ڕۆژانە چونكە ئەندامانی تری ئۆپیك توانیان تەنیا قەرەبۆی (٣) ملیۆن بەرمیل لە نەوتی ئێران بكەنەوە .

و- هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ كە دوو دەوڵەتی گرنگی هەناردەكەری نەوت بوون .

ی- خۆماڵیكردنی نەوت لە لایەن هەندێك لە ئەندامانی ئۆپیك جەزائیر و عێراق بە نموونە .

ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا بەرپرسن لە هەڵکشانی نرخی نەوت لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دا و بووە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی راستەقینەی ئۆپیك لە (١,٨٢) دۆلار/بەرمیل لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ (٣٥,٥٢) دۆلار/بەرمیل لە ساڵی ١٩٨٠ دا (شێوەی ٢).

شێوەی (٢) هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٨٠




سەرچاوە : ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٤)

لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا سەنگی ئۆپیك لە بواری دیاریکردنی نرخی نەوتدا ساڵ لە دوای ساڵ بەهێزتر دەبوو و دەتوانرێت بووترێت کە بازاڕی نەوت لە حەفتاکاندا لە بازاڕی کڕیارەکان (هاوردەکەرەکان) گۆڕا بۆ بازاڕی فرۆشیاران (هەناردەکاران) بۆیە دەکرا نرخی نەوت لەو ماوەیەدا ١٩٧٢-١٩٨٠ هەڵکشانی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت گەر ئەم دوو هۆکارە نەبوایە :

-دامەزراندنی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ دا کە بە هەموو تواناکانیەوە کاری دەکرد بۆ ڕێگرتن لە هەڵکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك .

- ناکۆکیەکانی نێوان ئەندامانی ئۆپیك کە ڕێگر بوو لە بەدیهێنانی یەك ڕیزی هەڵویستیان دەربارەی نرخی نەوت . ئەم ناکۆکیانە لە دوو هەڵویستی ئەندامانی ئۆپیك بەدی دەکرێت لە کۆنگرەکانی (الدوحە لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٦، کاراکاس کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، ئەبو زەبی کانوونی یەکەمی ١٩٧٨) کە ڕەنگدانەوەی هەبوو لە سەر بڕیارەکانی ئۆپیکی تایبەت بە دیاریکردنی نرخی نەوت .(اسماعیل،١٩٨١،ص١٠٥)

قۆناغی سێیەم: داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ١٩٨١-١٩٨٦ و هەڵکشان و داکشانی لە نیوەی دووەمیدا ١٩٨٧-١٩٩٠ دەگەڕێتەوە بۆ :

أ-هەرچەندە جەنگی دوو دەوڵەتی سەرەکی ئەندامی ئۆپیك لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٦ بەردەوام بوو، بەڵام کاریگەریەتی نەبوو لە سەر بڕی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەهۆی :

-پابەند نەبوونی ئەندامانی ئۆپیك بە بەشە نەوتی دیاریکراو بۆیان لە لایەن ڕێکخراوەکەوە، بە تایبەتی سعوودیە کە بڕی بەرهەمهێنانی لە ساڵی ١٩٨٦ دا بەرزکردەوە بۆ (٥) ملیۆن بەرمیل /ڕۆژانە.

-عێراق کە لایەنێکی جەنگ بوو توانی زاڵ بێت بە سەر کێشەی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگای کەنداوی عەرەب و بۆریە نەوتیەکان کە بە سوریا و لوبنان تێدەپەڕن لە ڕێگای هەناردەکردنی نەوت بە خاکی سعودیە بۆ بەندەری (ینبع) لە سەر دەریای سور و زیادکردنی نەوتی هەناردەکراو بەو بۆریانەی کە بە تورکیا تێدەپەڕین .

-زیادبوونی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو و هەناردەکراو لە لایەن دەوڵەتانی دەرەوەی ئۆپیك .


ب- هەڵكشان و داكشانی نرخی نەوت لە نێوان ساڵەكانی ١٩٨٧-١٩٩٠ دەگەڕێتەوە بۆ :

- هەڵكشانی نرخی نەوت لە ساڵی ١٩٨٧ دا، بە بەراورد لە گەڵ ساڵی ١٩٨٦، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێككەوتنی ئەندامانی ئۆپیك لە سەر جێگیركردنی نرخی نەوت لە (١٨) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٦ دا .(شێوەی ٣)

- داكشانی نرخی نەوت لە ساڵی ١٩٨٨ دا، بە بەراورد لە گەڵ ساڵی ١٩٨٧ دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایی هاتنی شەڕی عێراق-ئێران

- هەڵكشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە ساڵەكانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ دا دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزییەكانی نێوان دەوڵەتانی كەنداو كە بە داگیركردنی كوەیت لە لایەن عێراقەوە كۆتایی هات و گەمارۆی نێودەوڵەتی خرایە سەر هەناردەكردنی نەوتی عێراق .

شێوەی (٣)هەڵكشان و داكشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٩٠




سەرچاوە : ئامادەكراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٤)

قۆناغی چوارەم:داكشان و هەڵكشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە دە ساڵی كۆتایی سەدەی ڕابردوو ١٩٩١-٢٠٠٠ دەگەڕێتەوە بۆ :

أ-داكشانی نرخی نەوتی ئۆپیك گەر بە ڕێژەیەكی كەمیش بووبێت لە نیوەی یەكەمی ئەم دە ساڵە دا ١٩٩١-١٩٩٥ دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی سەنگی ئۆپیك لە بواری دیاریكردنی نرخی نەوت دا بە هۆی قووڵبوونەوەی ناكۆكیەكانی نێوان ئەندامانی لە دورگەی عەرەب و سەر كەنداوی عەرەبی . وەك سوپاسگوزاری بەرامبەر هەڵویستی هاوپەیمانان لە جەنگی كەنداوی دووەمدا (جەنگی ڕزگار كردنی كوەیت) هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەبی ئەندامی ئۆپیك (سعودیە،ئیمارات،كوەیت،قەتەر) پەیرەوی سیاسەتێكی نەوتیان دەكرد كە بەرژەوەندیەكانی ئەندامانی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیان تیا ڕەچاو كرابێت لە بواری دیاریكردنی نرخی نەوت دا، كە ڕێگر بوو لە هەڵكشانی نرخی نەوت لەو ماوەیە دا .


ب-داكشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە زیاتر لە (٢٠,٢٩) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ساڵی ١٩٩٦ دا بۆ (١٢,٢٨) دۆلار لە ساڵی ١٩٩٨ دا (شێوەی ٤)، دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی قەیرانی ئابوری لە ئاسیا و دووبارە هەناردەكردنی نەوتی عێراق بۆ بازاڕە جیهانیەكان بە پێ ی بڕیاری (٩٨٦)ی نەتەوە یەكگرتوەكانی تایبەت بە پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراك .

ج-هەڵكشانی نرخی نەوت لە (١٢,٢٨) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ نزیكەی (٢٨) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ساڵی ٢٠٠٠ دا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێككەوتنی نێوان ئۆپیك و دەوڵەتانی هەناردەكەری نەوت لە دەرەوەی ئۆپیك بۆ نموونە (مەكسیك و نەرویج ) لە سەر كەمكردنەوەی بەرهەمهێنانیان بە مەبەستی بەرزكردنەوەی نرخی نەوت. (العنزی،٢٠٠٧،ص٥)

د-ناكرێت ڕۆڵ و كاریگەری سیاسەتی نەوتی ڕوسیا بەلاوە بنرێت كە كاریگەری نەرێنی لە سەر دیاریكردنی نرخی نەوتی ئۆپیك و داكشانی بە گشتی لە نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو دا هەبووە .ڕوسیا بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانە ئابوری و داراییەكانی دا بڕێكی زۆری نەوتی هەناردەی بازاڕەكانی

جیهان دەکرد بە مەبەستی دابینکردنی داهاتی زیاتر لە دراوی گرانبەها .

شێوەی (٤)بەهەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی ئۆپیك لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠




سەرچاوە : ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٤)

قۆناغی پێنجەم: -هەڵکشانی گەورە لە نرخی نەوتی ئۆپیك دا لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠١-٢٠١٣ دەگەڕێتەوە بۆ :

أ-نرخی نەوت لە سەدەی ڕابردوو دا نرخێکی دادپەروەرانە نەبووە و نەگونجاوە لە گەڵ بەهای نەوت وەك سەرچاوەی وزە و کەرەستەی خاوی دەیان کاڵای پیشەسازی لە لایەك و وەك سەرچاوەی لە بن هاتووکە نوێ نابێتەوە بە بەراورد بە بەها و نرخی سەرچاوەکانی تری وزە لە لایەکی تر .

ب-بەردەوامبوونی دیاردەی هەڵاوسان لە جیهاندا، کە بووە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا پیشەسازی و بنەڕەتیەکان و خزمەتگوزاریەکان کە ئەندامانی ئۆپیك هاوردەی دەکەن .

ج-دابەزینی بەهای دۆلار بەرامبەر دراوە گرانبەهاکانی تر بۆ نموونە (یۆرۆ).

د-ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بریتی بوون لە :

-جەنگی کەنداوی سێیەم لە ساڵی ٢٠٠٣ دا .

-ئاڵۆزی پەیوەندیەکانی نێوان ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە گەڵ ئێران بە هۆی پرۆگرامە ناوەکیەکەی.


-گۆڕانکاریە سیاسیەکانی نێو دەوڵەتانی عەرەبی، لە ئەنجامی ئەوەی پێ دەوترێت (سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی) کە بووە مایەی مەترسی بۆ ئەندامانی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی و زیادبوونی خواستیان لە سەر کۆگاکردنی نەوت .

ه- زیاد بوونی خواست لە سەر نەوت لە ئەنجامی گەشەی ئابوری بە تایبەتی لە چین و هیند .گەشەی ئابوری چین لە ساڵەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ یەك لە دوای یەك (٨٪) و (١٠٪) بووە .(دبیە،المصدر السابق،ص١٧)

داکشانی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ کەمتر لە (٦١) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا زیاتر لە (٩٤) دۆلار بوو بۆ هەر بەرمیلێك (شێوەی ٥) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی دارایی جیهانی لە ئەنجامی مایەپووچ بوونی چەندین بانکی گەورەی ئەمریکی و هەروەها دارمانی کۆمپانیاکانی ڕەهنی خانووبەرە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ سەری هەڵدا و تا ساڵی ٢٠١٠ کاریگەریەتی بەردەوامی لە سەر ئابوری جیهان و

نرخی نەوت هەبوو.

شێوەی (٥)هەڵكشان و داكشانی نرخی نەوتی ئۆپيك لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠١-٢٠١٢





سەرچاوە : ئامادەكراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٤)

قۆناغی شەشەم : -داكشانی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١١ و بەدواوەوە (شێوەی ٦) دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕەكانی جیهاندا لە ئەنجامی :

أ-ڕێكنەكەوتنی ئەندامانی ئۆپيك لە سەر بەرنامەيەكی تايبەت بە بەرهەمهێنانی نەوت و زياد بوونی بەرهەمهێنانی هەندێك لە ئەندامانی بە شێوەيەكی بەرچاو.بۆ نموونە سعوديە بەرهەمهێنانی لە (٩,٦)مليۆن بەرميل لە ڕۆژێكدا لە ساڵی ٢٠١٣ بەرزكردەوە بۆ نزيكەی (١٠,٢) مليۆن بەرميل لە ساڵی ٢٠١٥ . عێراقيش لە هەمان ماوەدا بەرهەمهێنانی نەوتی لە (٢,٩) مليۆن بەرميل بەرزكردەوە بۆ (٣,٥) مليۆن بەرميل .

ب-زياد بوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە لايەن دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە دەرەوەی ئۆپيك .بۆ نموونە بەرهەمهێنانی نەوت لە ولايەتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا لە (٧,٤) مليۆن بەرميل ڕۆژانەوە لە ساڵی ٢٠١٣ زيادی كرد بۆ (٩,٤) مليۆن بەرميل . بەرازيليش لە هەمان ماوەدا بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی لە (٢) مليۆن بەرميلەوە ڕۆژانە زياد كرد بۆ (٢,٤) مليۆن بەرميل .

شێوەی (٦) هەڵكشان و داكشانی نرخی نەوتی ئۆپيك لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٥




سەرچاوە : ئامادەكراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٤)

قۆناغی حەوتم: -هەڵکشان وداکشانی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٦ و بەدواوەوە :

لەم قۆناغەدا جاریکیتر نرخی نەوت دابەزینێکی مێژووی وبەرچاوی بە خۆیەوە بینی بەجۆری هەڵبەز ودابەزینی کەلەنێوان (٣١-٢٧) دولار خۆی گرتەوە بروانە شیوە ی زمارە (٧)،ئە مە بەکەمترین بەها دادەنرێت نەوت لەماوەی دوانزە ساڵی رابردوو نەوت بەخۆیەوە بینبێ،هەرئەمەش پاڵی بەوڵاتانی بەرهەم هێنەرنا کەوا داوای کۆبوونەوەی بەپەلە بکەن تاکو نەرخی نەوت جێگیر بکەن بەپێی ڕای تایبەتمەندەکانی ئەم بۆارە دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٦دەگورێتەوە بۆ"بۆ بوونی بڕیکی زۆری نەوت وەك خستنەروو لە بازاڕەکانی جیهان زیاتر لە وەی داواکاری لەسەر بوو لەلایەن بە کاربەرانی نەوت بە ڕێژەی ٥ ملیون برمیل رۆژانە.

(٦/١٢/٢٠١٦/https://www.aljazeera.net/ebusiness)

-لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٦وسەرەتایی ساڵی٢٠١٧ پاش چەندین کوبوونەوەیەك ئەندامانی ئوپیك بەسەرۆکایەتی سعودیا وڵاتانی بەرهەم هێنەری سەربەخۆ گەیشتن بە رێکەوتن بەدابەزاندنی بڕی بەرهەم بەرێژەی ١،٨ملیون برمیل رۆژانە بەرێژەی ١،٢ملیون برمیل رۆژانە بر وڵاتانی ئوپیك و ٦٠٠٠٠٠برمیل رۆژانە بۆ وڵاتانی سەربەخۆ،لە وریگای ئەم کردارە نرخی نەوت بەرزبوونەوەیکی بەخۆیەوە بینی بەجۆری بەهای برمیلیك نەوت گەیشتە نزیکەی ٥٥دولار، ئەم هەڵکشانە بەردەوام بوو تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ جاریکتر نرخی نەوت هەڵکشانێکی تری تۆمار کردبۆ سەرەوەی ٦٥ دولار بۆ هەربرمیلیكhttps://www.alaraby.co.uk -٢٠١٦))

-لەساڵی ٢٠١٨دا نرخی نەوت هەڵبەز ودابەزینێکی زۆری کرد بەجۆری نرخی نەوت لەنێوان( ٦٦-٧٠دۆلار )بۆ هەربرملیك نەوت تا کاتێکی زۆر جێگیربوو.بەڵام لە نێوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ بەهۆی کەشانەوەی ولایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لە رێکەوتنامەی ئەتووی لەگەڵ ئیران،کار کردن بۆ زیاتر کردنی سزاکان لەسەر ئیران و توندکردنی گەماروی ئابۆری،نرخی نەوت تەکانێکی باشی دا نرخی هەڵکشا بۆ سەرەوەی ٧٥دۆلار بۆ هەر برمیلیك چونکە ئیران بەسێیەم وڵات دێت لەرووی بەرهەم هێنانەوە وبەشدار دەبێت بەرێژەی ٢،١ ملیون برمیل نەوت لە رۆژێکدا.،نرخی نەوت بەم شێوەیە بە بەرزی مایەوە سەرەرای بەدرایژای ساڵی ٢٠١٨، سەرەرای فشاری ئەمریکا لەسەر وڵاتانی بەرهەم هێنەر بۆ کەم کردنەوەی نرخ لەرێگای زیادکردنی بەرهەم،بەڵام ئەندامانی ئوبیك بەسەرۆکایەتی جەزائر نەچوونە ژێر باڵی ئەو داوایە ورازی نەبوون بە کەم کردنەوەی رێژەی بەرهەم هێنان ودابەزاندنی نرخ، ئەمە بوونی دەنگی باسی زیادکرنی سزای زیاتربەسەر وڵاتی ئیران بۆ هۆی ئەوەی بەهای نەوت هەڵبکشێت بۆ سەرەوە بگات بە نزیکەی ٨٦دولار بۆ هەربرمیلیك(https://www.aljazeera.net/news/ebusiness/٩/١/٢٠١٩)

- سەبارەت بەنرخی نەوت لەساڵی (٢٠١٩)بەهاکەی جاریکتر داکشانێکی زۆر گەورەری بە خۆیەوە بینی بەجۆری بەهای برمیلی نەوتی خاو دابەزی بۆ نزیکەی( ٥٩،٤٦دولار) بۆ برمیلیك بەشێوەیکی لەناکاو وچاوڕواننەکراو دور لە هەموو پێشبینی و خۆێندینەوەکانی جیهانی بۆ دۆخی نەوت.لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێ هۆکار هەبوون لە پشت ئەم داکشانە بەم شێوەی خوارەوە: (الترکی، ٢٠١٨،ص ٣-٧)


ا- هەڵکشانی قەبارەی نەوتی بەردی ئەمریکی بەرێژەی ٢ملیون برمیل رۆژانە ئەمەسەرەرای (١١،٧)ملیون بەرمیلی نەوتی ئاسایی،بەم شێوەیە ئەمریکا لەرووی قەبارەی بەرهەم هێنانەوە پێش روسیا کەوت ،ئەمەش کاریگەری لەسەردابەزینی رێژەی داواکاری نەوت هەبوو لەجیهاندا.

ب- جەنگی بازرگانی نێوان ئەمریکا وچیین کەدەکرێت ببێتە هۆی نائارامی ئابۆری وپاشانش سست بوونی گەشەی ئابۆری بەتایبەت ئەگەر ئیمە ئەو راستەیە بزانین وڵاتی چیین دووەم وڵاتی جیهانە لەرووی بەکارهێنان وداواکاری نەوت.

ج - زیادبوونی قەبارەی نەوتی خستنە بازار زیاتر لە بڕی نەوتی خۆاستراو،بەهۆی کزبوونی گەشەی ئابۆری لە ئەگەری جەنگی ئەمریکا وچیین وهەروەها فشاری وڵاتانی زلهێز لەسەر وڵاتانی بەرهەم هێنەر بۆ کەم کردنەوەی بڕی نەوت .

د -فشاری ئەمریکا لەسەر وڵاتانی ئوپیك بەتایبەت سعودیا لەرێگای بەکار هێنانی دۆسیەکانی رۆژنامەنووس جمال خاشقجی کێشەی یەمن بۆ کەمکردنەوەی نرخی نەوت وزیاد کردنی بڕی بەرهەم هێنان.

شێوەی ژمارە ٧هەڵكشان و داكشانی نرخی نەوتی ئۆپيك لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٩




سەرچاوە : ئامادەكراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٤)

## ٤ - دەرئەنجام

١ _ ڕێكخراوی دەوڵەتانی هاوردەی نەوت (ئۆپیک) لە ١٤ی سیپتەمبەری ساڵی ١٩٦٠ لە لایەن پێنج دەوڵەتی بەرهەمهێنەری نەوت كە بریتی بوون لە عێراق و فەنزەوێلا و ئێران و كوەیت و سعودیە لە بەغدا دامەزرا، دواتریش هەریەكە لە قەتەر لە ساڵی ١٩٦١ و ئەندەنوسیا و لیبیاش لە ساڵی١٩٦٣ و ئیمارات و جەزائیریش لە ساڵی ١٩٦٧ و نەیجیریا لە ساڵی ١٩٧١ و ئیكوادۆر و گابۆن لە ساڵی ١٩٧٣ دا بوونە ئەندامی ڕێكخراوەكە بەڵام ئەم دوو دەوڵەتەی كۆتایی لە ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٦ لە ئەندامێتی ڕێكخراوەكە هاتنە دەرەوە و لە ئێستا دا ڕێكخراوەكە لە یازدە دەوڵەت پێكدێت .

٢ _ ساڵی ١٩٧٣ خاڵی گۆڕان بووە لە مێژووی دەوڵەتانی ئۆپیک چونكە توانیان ڕۆڵیان لە دیاریكردنی نرخی نەوت دا هەبێت چونكە لە جەنگی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٧٣ دەوڵەتانی عەرەبی بەرهەمهێنەری نەوت بڕیاریان دا كە نەوت وەک چەكێكی سیاسی كاریگەر بەكاربهێنن .

٣_ئۆپیک لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٢_١٩٨٥) هەوڵی زۆری دا كە نرخی نەوت بە جێگیری بمێنێتەوە ئەویش بە پەیڕەوكردنی سیاسەتی كەمكردنەوەی پشكی بەرهەمهێنانی بەڵام هەندێ لە ئەندامانی ڕێكخراوەكە پابەندی ئەو پشكە نەبوون كە بۆیان دیاری كرا بوو هەر بۆیە ئەم هەوڵانە سەركەوتوو نەبوون.

٤_ لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣_٢٠٠٨) بە هۆی ڕووداوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی شەڕی عێراق و ئاڵۆزییەكانی نەیجیریا لە لایەک و زیادبوونی خواست لە سەر نەوت لە سەر ئاستی جیهانی و گەشەی ئابوری چین و هیند یارمەتیدەر بوو لە هەڵكشانی نرخەكەی لە مانگی تەمووزی (٢٠٠٨) دا بۆ (١٤٧)دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک كە ئەمەش گەورەترین هەڵكشان بووە لە مێژووی نرخی نەوت.

٥_لە ساڵی (٢٠١١) دا و لە دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و بە هۆی ئەو گۆڕانكارییە سیاسییەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی گرتەوە ڕێژەی هەناردەكردنی نەوت ڕووی لە دابەزین كردوە ئەمەش بووەتە هۆی هەڵكشانی گەورە لە نرخی نەوت دا.

٦_ لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١٤) و هەروەها ساڵی (٢٠١٥)بە هۆی زۆری ڕێژەی هەناردەكردنی نەوت لە لایەن ئۆپیک و دەوڵەتانی تری هەناردەی نەوت و بەرهەمهێنانی نەوتی بەردین لە لایەن ولایەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكاوە هەروەها ئاڵۆزییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی داعش و فرۆشتنی نەوتی ئێران و ڕێكنەكەوتنی دەوڵەتانی ئۆپیک و دەوڵەتانی تری بەرهەمهێنەری نەوت لە سەر كەمكردنەوەی ڕێژەی

هەناردەی نەوت و بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار جارێکی تر نرخی نە وتی لە بازاڕەکانی جیهان دا تووشی داکشان کرد هەروەک لە ساڵی (٢٠١٥) دا نرخی بەرمیلێک نەوت کەمتر لە (٥٠) دۆلار بووە.

٧-لەساڵانی نیوان ٢٠١٦بۆ٢٠١٩ نەوت بەهەمان شێوەی قۆناغەکانی تر هەڵبەز ودابەزیکی گەوەرەی بەخۆیەوە بینی بەجۆری پاش ئەوەی لە کۆتایی ٢٠١٦ وسەرەتاکانی ٢٠١٧ نرخی نەوت گیشتە نزیکەی ٨٤دولار بەڵام بەدوبارە بوونەوەی هۆکارەکانی پیشوو کێشەی ئەتوومی ئیران وکەشانەوەی ئەمریکا لە رێکەوتننامەکە وزیادبوونی بڕی بەرهەمی خستنەڕۆی نەوت زیاتر لە قەبارەی داواکراو،پەرەسەندنی شەڕی بازرگانی نێوان ئەمریکا وچین وسست بوونی گەشەی ئابوری جبهانی هەموویان رۆڵیان هەبوو لە دابەزینی نرخی نەوت بۆ ژێر ٥٩،٤٦دۆلار بۆ هەر برمیلیك دابەزی.

راسپاردەکان

١-پێویستە ریکخراوی ئوبیک کاربکات لەسەر بەهێزکردنی پێگەی ئیستای خۆی لە چوارچێوەی بازاری نەوت لەرێگای راکێشانی وڵاتانی تری نەوتی دەرەوەی بۆ هاتنە ناو ئەم ریکخراوە.

٢-ئەنجامدانی گفتوگۆ وراویژ لەگەڵ وڵاتە گەورەکانی بەرهەم هێنەری نەوت ئەوانەی لەدەرەوەی ئەم ریکخراوەن بەئامانجی پارێزگاری کردن لە نرخی نەوت.

٣- پێویستە رێ وشوێنی قورستر بگێرێتە بەر بەرامبەر بەهەموو وڵاتانی ئەندامی ئوبیک لەرووی پابەندکردنیان بە رێژەی بەرهەمهێنان

٤-کارکردنی بەخێرایی لەلایەن ریکخراوی ئوبیک لە بۆاری وەبەرهێنانی نەوت ،چونکە ئەمە وادەکات پێگەی ئەم رێکخراوە لە بازاری نەوت لە داهاتوودا بە پارێزێت.

## سەرچاوەکان

**پەرتوک :**


١- العقيل, خالد بن منصور، بدون سنة، رحلة في عالم البترول قضايا بترولية دولية , بدون مكان طبع.

٢--التركي،فهد،٢٠١٨،اسواق العالمية للنفط الربع الرابع ٢٠١٨، الرياض.

٣--التنر،سمير،٢٠٠٧،التطوارات النفطية في العالم العربي ماضياوحاضرا،دار المنهل،بيروت،

٤- سالم عبد الحسن رسن، ١٩٩٩ ،اقتصاديات النفط، الجامعة المفتوحة، طرابلس.

٥-نواف نايف اسماعيل،١٩٨١،تحديد اسعار النفط العربى الخام فى السوق العالميه،دار الرشيد للنشر،بيروت،لبنان.

٦- الخولي، سيد فتحي أحمد ،١٩٩٧،أقتصاد النفط ،الجزء ٣ ط. ٥ ،دار زهران للنشر والتوزيع ، جده السعودية.

٧-عفيفي،محمد صديق، ٢٠٠٣،تسويق البترول،ط٣،مكتبة العربي الحديث،قاهرة.

٨-عبدالوهاب،عبدالمنعم، ١٩٧٤،النفط بين السياسةوالاقتصاد،ط١،بيروت.

٩-حمادي،سعدون، ١٩٨٠،مذكرات واراء في الشوون النفط،دارالطليعة،بيروت.

١٠-اسماعيل،خالد منصور،١٩٨١،اشكاليات التحكم في منازعات عقود النفط،ط١،رياض.


**تێزەکان :**


١-نعيمة، حمادي، ٢٠٠٩،(تقلبات أسعارالنفط وانعكاساتهاعلى تمويل التنميةفي الدولالعربيةخلال الفترة ١٩٨٦ - ٢٠٠٩ )،رساله ماجستير ،جامعةحسيبةبنبوعلي،جامعةالشلف.

٢-دبيه،على،٢٠١٣ ،(تاثير الشركات النفطيه العالميه على اسعار النفط(٢٠٠١-٢٠١١)،رساله ماجستير،كليه العلوم الاقتصاديه و التجاريهو علوم التسيير،جامعه قاصدى مرباح-و رقله.

**گۆڤار:**

١-مجلة البترول, ٢٠١٠،(منظمات في دائرة القوة,)عدد خاص,ازار ونيسان,.

٢- محمود ،حبيب ، ٢٠٠٧ (انعكاسات الزيادات الاسعار النفط على الاقتصاد الوطني)،مجلة تشرين،العدد٢، دمشق.

٣-حسن ،يحيى حمود،واخرون،٢٠٠٧(،نفط الخليج في ظل تطوارات سوق النفط العالمية)،مجلة الاقتصاد الخليجي،العدد ١٣،مركزالدراسات الخليج العربي،البصرة،.

٤-عبد الاسدي،يوسف علي،واخرون٢٠٠٩،(دور سياسات النفط السعودية في استقرار سوق النفط الدولية)،مجلة العلوم الاقتصادية،العدد ٢٤،البصرة،.

٥-السوب،كرستوفر،اخرون،(٢٠١١تطوارت في اسعار النفط العالميةوانعكاستهاعلى اقتصاد العالمي)،مجلة النفط والتعاون العربي،الكويت،.

**رۆژنامە:**

١-العنزى،عقيل محسن،٢٢-١٠-٢٠٠٧.(رحله اسعار النفط التاريخيه من ٣ دولارات الى ٩٠ دولارا للبرميل)،جريده الرياض الاقتصادى،رياض.

**ئەنتەرنێت :**

-١ (https://www.aljazeera.net/ebusiness/2016/12/6

-٢opec crude oil price change (1960_2015) www.statista.com.

-٣ https://www.alaraby.co.uk -2016))

-٤(https://www.aljazeera.net/news/ebusiness/2019/1/9)

-٥www.opec.org/opec_web/static_files_project/media/downloads/publications/AR2008.pdf